# ماهیر حەسەن هەموو کەسایەتیەك کە ڕۆڵم تیابینیبێ تەواو هەقی خۆیم داوەتێ

ماهیر حەسەن هونەرمەندێکی کۆمیدیە لەبەرنامەکانی هەمەڕەنگو تیپی ڕەنگاڵە ڕۆڵی دیاری هەبووە لەنواندندا بەشداری چەندین شانۆیی‌و درامای کردووە لەم دواییانەدا لەزنجیرەی گەردەلوولدا ئەدای نواندنێکی کرد جیاواز لە نواندنەکانی تری کە ئەمجارە ڕۆڵێکی تراژیدی بینی، لەم دیدارەدا بەم پرسیارانە بەسەرمانکردەوە.

**پرسیار: ئەمجارەیان جۆرێك لەتراژیدیا نواندنت کرد کە جیاوازی لەگەڵ ڕۆڵەکانی پێشووت هەبوو پێت چۆنە، لەمەودوا ڕۆڵی تراژیدی ببینی؟**

وەڵام/ هونەری نواندن لەکۆمیدیاو تراژیدیا خۆی دەبینێتەوە، ئەکتەری سەرکەوتوو دەبێ لەهەردوو بوارەکەدا توانای خۆی دەربخات، نواندنی من لەو دوو بوارەدا، جۆری بەرهەمەکە دەستنیشانی دەکات، ئەگەرچی لای من کۆمیدیا دایکی هونەرەکانە، چونکە کەم کەس هەیە بتوانێ ببێتە ئەکتەرێکی کۆمیدی، بەڵام من چەند لەکۆمیدیا بەڕای بینەر سەرکەوتووم دووئەوەندە دەتوانم لەکاری تراژیدیا سەرکەوتووتربم، من دەڵێم دەبێ ئەکتەر لەهەردوو بوارەکەدا بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ.



**پرسیار: خەڵکی دەڵێن ماهیر نواندنەکەی هەمان نواندنی ڕەنگاڵە بوو تۆ تاچەند ئەرێ بۆ ئەو قسەیە دەکەی؟**

وەڵام/ هەندێ خەڵکی نەشارەزا، نواندنەکان لەیەك جیاناکەنەوە، تێڕوانینیان نیە بۆ ئەسجادی کەسایەتیەکە، ڕاستە هەندێ موبالەغە کراوە لەکەسایەتیەکەمدا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ناوندن هەمان نواندن بووبێ، لەڕەنگاڵەو هەمەڕەنگدا. جۆرەها نواندنم ئەنجامداوە هەریەکەی جۆرە کەسایەتیەك بووە، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا هونەری نواندنە، بەڵام بەداخەوە ئەگەر من لەتۆم کەمتر پێبوو هیچ کاتێ دان بەتۆدا نانێم خۆی جەوهەری مەسەلەکە ئەمەیە.

**پرسیار: چۆن دەڕوانیتە گەردەلوولو ئەو ئیشە هونەریانەی پێشتر کارت تێداکردووە؟**

وەڵام/ هەریەکەیان تاقیکردنەوەیەك بووە بۆ من، هەر بەرهەمەو شتێکی تازەی لێ فێربووم، هەر کارێکیشم لاوازبووبێ بۆ من دەرسێکی تازە بووەو سوودم لەهەڵەکانی وەرگرتووە، هەموو بەرهەمەکانیشم لاخۆشەویستە.

**پرسیار: یەکێك لەجوانیەکانی نواندن ئەوەیە وەرگرو بینەر وانەزانن تۆ دووکەسی تەنیا ئەو کەسەی کە ڕۆڵەکەت دەبینی تۆش هەمیشە وەك دووکەسی دەبینرێی چاك نیە ئیتر بەرەو نواندنێکی ڕاستەقینە بەشداری هەرکارێك بکەیت؟**

وەڵام/ پێم وابێ ئەمەیان ڕای خۆتە نەك بینەرو وەرگر تۆش ئازادیت چۆن پرسیار دەکەی، بەڵام بەتەحەداوە، ئەڵێم هەموو کەسایەتیەك کە ڕۆڵم تێدابینیبێ تەواو هەقی خۆیم داوەتێ، بەشێوەیەك کەسایەتیەکی بینیوە دوور لەوسەرنجەی بەڕێزتان، وە هەر ئەکتەرێکیشی ئەگەر نواندنەکەی ڕاستەقینە نەبێ باوەڕناکەم قەت بتوانێ سەرنجی بینەرو جەماوەرەکەی بۆلای خۆی ڕابکێشێ، وە بینەری ئەمڕۆش زۆر هۆشیارو وردن بەرامبەر نواندنی هونەرمەندەکە.

**دیداری: ڕێبواری ئازادی**

---



جەبار سابیر

## تا زووە فریای خۆتان کەون

دوای هەژدە ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا خەڵکی ئەوێ ڕژانە کۆڵانو سەر شەقامەکانو نەیان هێشت حکومەتو حزبی کوردی یادی ئەو کارەساتە لەهەڵەبجەدا بکاتەوە، ئەمەش وەك نارەزاییەك بەرامبەر ئەو هەموو کاسبییەی چەندین ساڵە بەخەڵکی هەڵەبجەوە دەکرێتو هەڵەبجەش هەر وێرانەیەو ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئەو پارەو پوولەی چەندین ساڵە لە کۆبوونەوەکانی بەناو ئاشتیدا خەرجیدەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە تەرخانبکرایە ئێستا خەڵکی هەڵەبجە لەبری بەرد بارانکردنی حکومەتو حزبی کوردی گوڵبارانی دەکردنو بەباوەش دەیبرنە ناو کۆشکە ڕازاوەکانی هەڵەبجەوە. ئەو پارەیەی بۆ قوربانیانی سەر پردی (ئەلائیمە)و تەقینەوەکانی سامەڕا تەرخانکراو نێردرا بۆ بوومە لەرزەکەی شاری (بەم)ی کۆماری ئیسلامی ئێران بدرایاتە کەرەسەی یاریکردنی منداڵانی هەڵەبجە ئێستا هەموو منداڵێك لەبری هاوارکات (نامانەوێ پەرلەمان بمانخەنە سەرئێران) هاواری دەکرد بژی کوردو کوردستان، بەڵام ئێوەی حزبو حکومەت کارێکتان کردووە ئەسڵەن خەڵك شەرم لەناوی کوردو کوردستان بکات.

چەندین ساڵە بەملیۆنان دۆلار بۆ هەڵەبجە کۆکراوەتەوەو لەناو حکومەتی عێراقی سەردەمی عەلاویو جەعفەریشدا دیسانەوە پارە بەناوی هەڵەبجەوە وەرگیراوەو کەچی یەك دیناری بۆ ئەو خەڵکە تێکۆشەرو قوربانیدەرە خەرج نەکراوە، دەیان ماڵ هەیە زیاتر لەپازدە ساڵە لەشوێنێکدا دەژی هەر لەکولانەی قەڵو مریشك دەچێت، ئەمە بەخاتری ئەوەی حکومەتی کوردی خانووەکەی بۆ دروستکاتەوە، بەڵام ئاوی چاوی داهاتو ئەوەی هەر نەبینی. گەر کەسێکی بەویژدانو پاك هەموو هەڵەبجە ئاوەدانکاتەوە هێندەی دروستکردنی یەك بینای لەوانە تێناچێت کە دەڵێن هی فلانو فلانەو کەچی هی حکومەتو بەرپرسە حزبیو حکومەییەکانە، هەموو هەڵەبجە دەهەزار خانووی تێدانییە کەچی کۆمپانیای نەوزادێکیان هێناوە دەتوانێ لەماوەی یەك ساڵدا پێنج هەزار خانوو دروسبکات، باشە ئەمە کۆمپانیایەکە ئەوەندەی پێدەکرێت تۆبڵێی حکومەتێك نەتوانێ لەهەڵەبجەدا دە هەزار خانوو بۆ ئەو خەڵکە دروستکاتەوە.

ئەوەی لەیادی هەڵەبجەدا لەهەڵەبجە روویدا بەرئەنجامی کار نەکردنی حکومەتو حزبی کوردییە بۆ هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان، ئەوەی روویدا بەرئەنجامی کاسبیو بازرگانی کردنە بە سەرو ماڵی ئەو خەڵکە رەنج بەخەسارەوە، خەڵکی هەڵەبجە ئاژاوەچی نین ئەوەندە نەبێت کەدەیانەوێت خزمەتکرێنو چیتر خەڵکی ملهوڕ بەسەری ئەوان کارو کاسبی نەکاتو مانگانە دەفتەرە دۆلار نەخاتە گیرفانییەوە، خەڵکی هەڵەبجە ئەوەیان سەلماند کە زوڵم هەر زووڵمە جا عەرەب یان بەعس بیکات یاخود تورکو فارس یان حکومەتو حزبی کوردی، زوڵم هەر زوڵمەوئیتر تێکۆشسانو خەباتی رابردوو لەبری خزمەتی ئێستا ناکەوێتو کاتی ئەوەش هاتووە ئەوەی بەسەری هەڵەبجەو بەخەڵکی هەڵەبجە خۆی دەوڵەمەندکردووە حساباتی خۆی راستکاتەوەو ئەنجامەکەی بچنێتەوە.

*jabardllopa@yahoo.com*

---

## سوودی ئەم خواردنانە بزانە

گالینۆس ئەڵێ: هەر کەسێك بەیانیان بڕێك گوێزو هەنجیرو بادەم بخوات ئەو ڕۆژە لەژەهریش نەترسێ.

**دەریا**

---

## دوای ٨٦ ساڵ پەیکەرێك دەگێڕدرێتەوە



ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١٤ مۆزەخانەی نەتەوەناسی وڵاتی سوید لەرێورەسمێکی پڕشکۆدا پەیکەرێکی دەستکردی سوور پێستەکانی کەنەدای بە خاوەنەکانی سپاردەوە. ئەوەی شیاوی باسە ئەم پەیکەرە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ لەکاتێکدا پارچە پارچە کرابوو، بەرەو سوێد گوازرابۆوە، ساڵی ١٩٢٩ ئۆلف هانسۆن، جێگری کۆنسولی ئەو کاتی سوید لەکەنەدا ئەم پەیکەرەی پێشکەش بەمۆزەخانەی نەتەوەناسی کردبوو، لەوێ دا چاك کرابۆوەو پارێزرابوو. دوای وەرگرتنەوەی ئەم پەیکەرە، لویزا سمیپ یەکێ لەئەندامانی هۆزی هایسلای کەنەدا گوتی: ئەمڕۆ دووبارە ئەم پەیکەرە کۆنە ئازاد بۆوە.

ئەم پەیکەرە لەدار دروست کراوەو بەرزییەکی ٩ مەترە. ساڵی ١٨٧٢ لەسەر بڕیاری ژیپش گۆلۆکس یەکێ لەسەردارانی هۆزی هایسلا وەك سوپاسکردن لەخوا بۆ پاراستنی سوورپێستەکان لەمەرگ ئەم پەیکەرە دروست کرابوو.

---

## بیبەر سەرەتانی پرۆستانی چارە دەکات



توێژەرو زانایانی ئەمریکا ئاشکرایان کرد کە مادەی (گالاپینۆ) لەناو جۆرێك لەبیبەر هەیە، کە هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی سەرەتانی پرۆستات. بەگوێرەی ماڵپەڕی زانستی: لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە بەهۆی کەپسولی بیبەرەوە بە ڕێژەی ٨٠٪ رەگی سەرەتانی پرۆستات لەناو دەچێ. لێکۆڵەرەوانی ئەمریکی لەبنکەی سیدراس _ سینا بەهۆی تاقیکردنەوە لەسەر مشکدا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەتوانرێ بەهۆێ ئەو جۆرە بیبەرەوە سەرەتانی پرۆستات لەمرۆڤدا چارەسەر بکرێ. بیبەری گالاپینۆ، ئەو بیبەرە سوورە باریکەیە کە لەزۆربەی وڵاتاندا دەڕوێ. ئیتر ئێوەش دەتوانن بیبەری سوور بخۆنو ترسی سەرەتانی پرۆستات بڕەوێننەوە.

---

## بوزا بزر بوو



لاوێکی تەمەن ١٦ ساڵەی وڵاتی نیپال بەناوی (رام بهادور بومچان) کە لە ٢٠٠٥/٥/١٦ ەوە تا ئێستا لەنێو دارستانێکدا لەبارێکی مۆلەق ئاسادا بەبێ خواردنو خواردنەوە دەژیا، رۆژانە بەسەدان خەڵکی نیپال سەردانیان دەکرد، بەڵام ئەو خۆی لەکەس نەدەگەیاندو وەڵامی کەسی نەدەدایەوە، خەڵك لەو باوەڕەدابوون کە ئەمە بوزای بچووکەو مایەی رێزلێگرتنە، بەڵام رۆژی شەممەی رابردوو لەناکاو دیار نەما. هێزەکانی پۆلیسو خەڵکی ناوچەکە بەچڕی لەنێو دارستانەکاندا بەدوایدا دەگەڕێن، کەچی شوێنەوارێکی لێ نەدۆزراوەتەوەو کەسی هەواڵێکی لێ هەڵنەکرپاندووە. سەرچاوەکانی هەواڵ و دەستەلاتدارانو خەڵکی نیپالو تێکرای پەیڕەوانی ئایینی بوزی لەدیار نەمانی ئەو لاوە نیگەرانو ناتوانن هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ بکەن، تەنیا دەڵێن ئەو بوزای بچووکە، دەبێ بەدوایدا بگەڕێنو بیدۆزینەوە.

---



## خالۆ ئەواکس دەڵێ

* دایکی شەهیدێکی سەنگەر دەیگوت: هاوڕێیەکی کوڕە شەهیدەکەم یەکێ لەخانووەکانی خۆی بەنزیکەی ٢٥٠ دەفتەر دۆلار فرۆشتووە. یەکێکی دیکەش دەناسم، دەڵێن خانووێکی بە ٩٠٠ دەفتەری سەد لاپەڕەیی کڕیوە!. ئەوانە پیاوی رۆژانی تەنگانەبوون، ماندوونەناسنو بە ئارەقەی ناوچەوانو بارکێشی پەیدایان کردووە، رەبی گەردەنیان ئازاد بێ!!.

* لەم وڵاتە حەیاتەی ئێمە، هەندێك کەس هەن لەبەرچاوی خەڵك جنێو بە بەعسیەکان دەدەنو نەفرەتیان لێدەکەن، بەڵام شەوانە وانەکانی ئەوان دەخوێننەوەو رۆژانەش لاساییان دەکەنەوە. دەسترۆیشتووی وا هەڵکەوتووە گەفی ژن رفاندن لەخەڵك دەکاتو دەیەوێ قەوارەی فەرهەنگی ناموسبردنو ئابڕوو تکاندن زیندوو بکاتەوەو ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکات.

* کوردێك لەهەندەرانەوە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندبووە کوردستانو سەردانی برادەرێکی دێرینی خۆی کردبوو کە ئێستا باڵا دەستە، پێیگوتبوو: دەمەوێ هێڵێکی ئاسمانی چارتەر (بەکرێگرتنی فرۆکە) لەنێوان کوردستانو وڵاتانی ئەورووپا پێکبهێنم، بەڵام بۆ مۆڵەت وەرگرتن دەبێ هاوکاریم بکەی. ئەویش لەوەڵامدا گوتبووی: وەڵاهی بۆخۆم کۆمپانیاو پرۆژەی زۆرم هەن، ئەگەر لەبەر برادەرێتی نەبێ، ئامادەنیم شەراکەت لەگەڵ کەسی دیکەدا بکەم، بەس قەیدی ناکا مۆڵەتەکەت بۆ وەردەگرم بەو مەرجەی تۆ هەموو پارەکەی بدەیتو ڕێژەی ٧٠٪ش بۆ منو برادەرانم بێت!.

* شۆرشگێڕێکی عەیار ٢٤، جاران رەخنەی لەو خەڵکانە دەگرت کە سەنگەر گۆڕی دەکەنو بەرەو باوەشی دەستەڵات رادەکەن. ئەوانی بە ترسنۆکو بەرژەوەندخواز ناو دەبردو جنێوی پێدەدان، بەڵام لەم ماوەیەی دوایدا ئەویش بەراکردن هاتەوە کوردستان، دەڵێن تەنیا یەك تەلەفۆنی بۆ کراو، بەڵێنیان پێدا کە دەیکەنە بەڕێوەبەری گشتی یان پۆستی جێگری وەزیرێکی پێ پڕ دەکەنەوە.

* بە بەرپرسی لایەنێکیان گوتبوو: لەبەر بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی کورد، فلانە لایەن بڕیاری داوە بۆ بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی بەرەی رۆژهەڵاتی کوردستان، نەیەت، داوامان وایە ئێوەش هەمان هەڵوێستتان هەبێو بڕیار بدەن بەشداری نەکەن. ئەویش گوتبووی: دیارە بوونی ئێمە دژ بە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کوردە!. باشە پێوانەی ئێوە بۆ بەرژەوندی گشتی نەتەوەیی چیە؟!. ئەوەیە کە تەنیا خۆتان بن یان.....